# دیمكراتـــــی نیـــرینه !

**سامان كەریم**
zaryak@yahoo.com

هەڵبژاردن‌و دیمكراتیەكەی ئەمەریكا لەناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەرستدا شەرتی لەگەڵ لە هەر وولاتەو بەپێی دەسەلاتو هێزە كۆمەلایەتیەكانی نێو ئەو وولاتە، شەرتی دیمكراتیەكەش دەگۆڕێت. مەسەلەی ئەمەریكا ڕۆشنەو لەهەمان كاتدا زۆر جیایە لە مەسەلەی ئەو وولاتەی كە لە ڕۆژهەلاتدا هەڵبژاردن‌و دیمكراتیەتیان تێدا پیادە دەكرێت. بۆ ئەمەریكا كە بەدوای داكوتنی بزماری خۆیەوەیەتی لەم ناوچەیەداو لە بەرانبەر حەریفە دیرینەكانی ئەوروپایدا، دەیەویت، ناویك بنێت لە تیرۆریزم‌و جەنگخوازی‌و ملهوڕیەكەی، وەكو هەر دیاردەو پرۆسەیەكی جەنگی كە پێویستی بە پڕوپاگەندەیەكی ڕاگەیاندن هەیە، ئەویش ناوی مهلۆری فشارەكانی خۆی ناوە دیمكراتی‌و هەڵبژاردن.

بەلام 10ی شوبات كە ڕۆژی هەڵبژاردنی مەجلیسی شاراوەنیەكان بوو لە سعودیە، هەڵبژاردنێكی دیمكراتی عەجایب، ڕوویدا هەر لە قەلاێ كۆنەپەرستی وەكو سعودیەو السعودەكان دەوەشێتەوە. لە سعودیەو لای ئەم وەهابیانە، شەرتەكەیان وەكو شەرتی دیمكراتی ئەفغانستان یان فەلەستین یان عێراق نەبوو، شەرتێكی تریان هێنا، لە راستیدا دووشەرتیان هێنا، یەكەمیان، دەبیت ژن مەحروم بێت نەك لە خۆ كاندید كردن، بەڵكو لەوەی كە دەنگیش بدات، دووەمیان/ لە 50٪ ی كورسیەكان لەلایەن مەلیكەوە دادەنرێت.

لای ئالسعود ژن هەر ئینسان نیەو هەروەك چۆن قورەیشیەكان كچیان سەردەبڕی‌و زیندە بەچاڵیان دەكرد، ئەمانیش ئەگەر بۆیان بلوایە ئەوا بێشك ئەو كارەیان دەكردو خۆشیان خەریكی موخەدەرات هەڵلوشین دەبون. بەپێی قورئان‌و رسالەی موحەممەدی ژن ئینسان نیەو لە توخمێكی نزم‌و زەعیفەوە هاتوە، هەر بۆیە دەكرێت پیاوێك بە ئارەزی خۆی دەیان كەنیزكی هەبێت‌و لە گەڵیدا سێكس بكات، دەتوانێت چەندین ژنی هەبێت.... دیارە ئالسعودیش نوێنەرانی ئەو رسالەتەن‌و ناتوانن لێی لابدەن بەتایبەت لە بەرانبەر مەسەلەی ژندا. ئەصلی ئیسلام ئەوەیە، وە دواتر كە ئیسلام بەناچار لە پڕوپاگەندەو تەنانەت لە یاساشدا دەچێە ژێر باری ئەوەی كە ژن دەنگی هەبێت‌و یان نەخوازەڵلا خۆی كاندید بكات، ئەوە ئیتر ئیسلامە ئەصلەكەی نیەو تەزویرە، كە بەكاریگەری هەلومەرجی سیاسی‌و بزوتنەوە كۆمەلایەتیە پێشكەوتوخوازەكان‌و پێشكەوتنی سەرسامهێنەری زانستی كۆمەلایەتی‌و فیزیاییەكان‌و كاریگەری رەوتی بەرەو پیش چونی كۆمەڵگای بەشەری‌و گۆڕانی هاوسەنگی هێزی ئیسلامی سیاسی بەكاریگەری بزوتنەوەكانی تر، ناچاربوە خۆی بگونجێنێت‌و ناویان ناوە شەریعەت‌و ئیجتهادی بۆكراوە. ئەگینا هیچ دەستورو فەرهەنگ‌و مامەڵەیەكی ژنان لە سەردەمی جاهیلەتدا نیە، نەهاتبێتە نیو قورئان‌و ئیسلامەوە، لەمبارەوە بەڵگەو كتیبەكان كێویكن. بۆیە ئالسعود بە خەیالی رەحەتەوە بڕیار دەدەن‌و ئەو مافە گچكەیەش بە ژنان ڕەوا نابینن.

دەبێت ناخی ژنانی سعودیە ئیستا چ شەپۆلێك لەكوێرەوەری‌و نەگەبەتی‌و خەم‌و خەفەتی لەخۆیدا هەڵگرتبێت، سەرەڕای پۆچی ئەم هەڵبژاردنەش، دەبێت ئێستا چۆن تەماشای خۆیان بكەن‌و جێگاو ڕیگای خۆیان چۆن هەلبەسنگێنن لە كاتێكدا كە دەلەوتەكەیان بە ئینسان بەحسابیان ناهێنێت، دەبێت ئێستا خواست‌و ویست‌و ئارەزوەكانیان چۆن خامۆش بكەن‌و سەركوتی بكەن لەسایەی ئالسعودەكاندا، لەسایەی حەرەسەكانی خورافەو كۆنەپەرستی‌و بیرە نەوتەكاندا. دەبێت ئەم تاوانبارانەی ئالسعود چۆن نەشئەی سەركەوتنی قەدەغەكردنی بەشداریكردنی ژنان بە موخەدەراتەوە، چێژ بكەن‌و بە زەهری بكەن؟! دەبیت ئەم پیاوسالارانەو ئەم خودایانەی ژنان، بەپێی كام حوكمی دنیای، كام كۆمپانیای كۆمنیوكەیشن‌و كام بانگی جیهانی ئەم دەسەلاتەیان پێدرابێت؟! كە نیوەی كۆمەڵگا لە هەرە سەرەتاییترین مافی ئینسان لە ژنان زەوت بكەن. دەبێت بۆش‌و رامسفیلدو رایس، چەند جار سەردانەوەنێن لە بەردەم نەعلی ژنانی سعودیەدا بۆ ئەوەی لێیان ببورن! ژنانی سعودیە پێویستیان بە هاوپشتی‌و پشتگیری هەیە لەلایەن هەر هێزو بزوتنەوەیەكەوە كە بەزەرەیەك ئیدعای مافی ئیسنانی دەكات.

بەلأم بۆ شەرتی دووەمیان  کە بیَ مانترین‌و قیّزەونترین دیاردەو بڕیاریّکە بەتایبەت کە ناوی دەنگدان‌و هەڵبژاردن‌و ڕەئی خەڵکی لیّدەنریّت، ناڵیّم دیمکراتی چونکە دیمکراتی دەتوانیت بە ئارەزوی خۆت وە کو جەواڵەکەی مەلای مەشهورە هەموو شتیّکی تیّبکەیت. لەم خاڵەدا پیّویستە بلیّین کە دیموکراتی جۆری هەیە، دەکریّت ئەم دیموکراتیەی ئالسعود ناوبنیّین، دیمکراتی جاهلیەت، یان دیمکراتی نیمچەدورگەی عەرەب، هەروەك چۆن دیمکراتی غەربی جیایە لە شەرقیەکەی وەچۆن لە نیّو غەربدا ئەمەریکی و ئەوروپایەکەی جیاوازییەکی هەیە، وە چۆن لە نیّو ئەوروپای یەکگرتودا، دیموکراتی 15 وولأتە کۆنەکە لەچاو 10 تازەکەدا جیاوازی هەیەو هەموشیان دیمکراتین‌و دەکریّت ناوی‌ی جۆاوجۆریان بۆ دابنیّین، بەهەمان شیّوە، ئەوەی سعودیە دیمکراتی جاهیلەیەتە بە پشتگیری ئەمەریکاو ڕۆژئاوا پیادە دەکریّت. بەلام ئالسعودەکان بۆ تەنانەت ڕازی نەبون بەوەی کە هەموو کورسیەکان بە دەنگدان دەستەبەربکریّت. ئەوەیان ئالسعودەکان خۆیان دەزانن کە چەندین دەیەیە، وەك حەرەسی چاڵ نەوتەکان،چ تاوان‌و مەئساتیّکیان خوڵقاندوە دژ بە دانیشتوانی ئەم مەملەکەتە، دەزانن کە خەڵك نەفرەتیان لیّ دەکات، نەك خەڵك بەڵکو کار گەیتشۆتە ئەوەی موعەمەر قەزافیش نەفرەتیان لیّ بکات. دەزانن کە چ بەدبەختی‌و کویرەوەری‌و سەرکوت‌و فەزائحیّکیان بەسەر خەڵکدا سەپاندوە، دەزانن کە چۆن ئۆپۆزیسیونی خۆیان لە ژیّر ناوی مەکەو مەدەینەدا  کۆمەلکوژ کردوەو شار بەدەریان کردون، هەموو ئەوانە دەزانن، کەوایە بۆئەوەی مسۆگەری بکەن کە ئەو مەجلیسە کارتۆنیانەش لەدەست نادەن پیّویستیان بەوەهەیە، کە نیوەی لە پیّشدا و پیّش دەنگدان مسۆگەر بکەن‌و لە نیوەکەی تریشدا حەتمەن لەم هەموو ئومەراو ملیاردیّرە لایەنی کەم نیوەی تری مسۆگەر دەکەن‌و بەم پیّیە خەڵیان ڕەحەت دەبیّت. بەلأم سەرنج بدەن لە شاریکی گەورەی وەك ریاز پایتەختی سعودیە، کە چوارسەد هەزار کەس، بۆیان هەبوە دەنگ بدەن، بیّگومان ئەم چوارسەد هەزارە هەمووی نیّرینەیە، تەنها 148 هەزارکەس دەنگی داوە. سەرنج بدەن لە ژمارەکان، بەتایبەت ئەگەر ژنانیش مافی دەنگدانیان هەبوایە، ئەویش چوارسەد هەزار، ئەوە لە هەشت سەد هەزار 148 هەزار کەس دەنگی داوە تەنها بۆ 7 کورسی لە ریازدا کە 650 کەس خۆی بۆ کاندید کردوەن بەمپیّیە ئەگەر دەنگی ژنانیش بە حساب بهیّنین ئەوا ئەوانەی دەنگیان داوە ناگاتە 20٪ دا. ئەمە ئینسان پیّی بلیّ مەهزەلە زۆر زۆر کەمە، گاڵتە کردن‌و هارینی شعورو کەرامەت‌و مافی ئینسانی نەبیّت، شەرمەزاری‌و خەجالەت کیّشان وتاوانکاری ئالسعود نەبیّت، ناتوانی ناوی تری لیّبنیّیت.

دەبیّت دانیشتوانی ڕۆژهەلاتە ناوەراستی گەورە کە ئەمەریکا نیازی وایە پیکیبهیّنیّت، چ هیواو مەیلیّکیان هەبیّت بۆ پشتگیری لە سیاسەتەکانی ئەمەریکا، دەبیّت خەڵکی سعودیە چ دڵیکیان خۆش بیّت بەم دیمکراتیە جاهیلیە؟! دەبیّت ژنانی ڕۆژهەلاتی ناوەراست چۆن تەماشای رایسی سەرۆکی دبلۆماسی ئەمەریکا بکەن، لەکاتیّکدا کە  دەبینن ژنانی سعودیە  مافی دەنگدانیان نیەو ئالسعودیشن یەکەم قەلای ئەمەریکایە لە ناوچەکەدا؟! دەبیّت پڕوپاگەندەکانی ئەمەریکا بۆ مافەکانی مرۆڤو ڕاگەیاندنەکانیان لە پەیوەند بە ئازادی‌و رزگاربون لە دیکتاتۆرەکان، چۆن تەبریر بکەن لای کۆمەڵگای سعودی‌و بەتایبەت ژنانی سعودیە؟!  وە چۆن خەڵ:ی سعودیە وە ژنانی سعودیە، دەکریّت بەم پڕوپاگەندەیەی ئەمەریکا فریو بخۆن، لە ژیّر ناوی ریفۆرمی ئەم وولاتانەدا. نیزامی مەلکی‌و ئالسعود لە سعودیەدا قابلیی ریفۆرم نیەو دەبیّت بروخیّنریّت‌و داروبەردی بەسەریەکەوە نەهیّلریّت‌و دیسان سەرلەنویّ دروست بکریّتەوە. ئیدعای ریفۆرمی ئەم وولاتە بۆ ئەمەریکا هەمان لەوحەی دیمکراتیەکەیەتی بۆ ڕۆژهەلاتی ناوەراست. هەر ئەوەندە ماوە بلیّین دیمکراتیەتیّك کە لەسەر دەستی ئەمەریکا بەریّوە دەچیّت لە ڕۆژهەلاتی ناوەراستدا، تەنها لەوحەی ڕاگەیاندنی جەنگیّکە لە پیّناو ساخکردنەوەی نیزامی نویّی جیهانی خۆیداو بیّبەش دەر کردنی حەریفەکانی لە ئەورپاوو روسیا لە خیرو بیری ونفوزیان لەم ناوچەیەدا.